# ماچی سەرپەنجەکانت...



هۆنراوە: ئازاد کەریمی

قامکەکانت

ئاماژەن بۆ خۆری ڕووت

وا کاتی بەیان

لە تاڤگەی کانیاویڕۆژدا

ئاودێریی چیمەنی چێرەت دەکەن

بە شوشتن.

ئەی پەنجەت گوڵەبەڕۆژە
ئەی سیمات هەتاو!
مەراقم لە شەوە و لە نووستنت:

هەم مانگی جەبینت دەبینم
لە پاش درەوشینی ڕۆژی ڕووت

هەم بە ماچی لێوم
دەنکە گوڵەبەڕۆژەی قامکەکانت
هەڵئەوە رێنم بە گەزتن...